پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز باوەڕی بە شومیەتی نەبووە

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز باوەڕی بە شومیەتی نەبووە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەرگیز باوەڕی بە شومێتی نەبوو لە هیچ شتێکدا، ومەبەست لە شومێتی ئەوەیە کە شتێک ببینێت یان ببیستێت وئەم شتە ببێتە هۆی ئەوەی کردەوەیەک ئەنجام نەدەیت یان ئەنجامی بدەیت هەروەکو خووی جاهیلیەت (پێش ئیسلام) بەم شێوەیە بوو، وئیسلام هاتووە بۆ نەهی کردن لە شومێتی وفاڵگرتنەوە بەهۆی تیر وشتی تـرەوە، ولـە شەریعـەت ڕێگـەدراوە بـە ئەنجامـدانی (ئیسـتیخارە کـردن) کـە ئەمیـش لـە سونەتـدا شێـوازی ئەنجامدانی باسکراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8928